## دلشاد محەمەد سەعید:

# لە سەردانی ئەمجارەمدا پرۆژەیەکی هونەریی گەورەم پێیە

**پتر لە 20 ساڵە بەتاسەی ئەوەبووم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ ئەو مـوزیک ژەنە ئەفسـوون ئامـێـزە روونیـشم، کـە تەلی کەمانچەکەی بە دەنگی چۆلەکە و بولبول و خوڕەی کانی، رۆح دەشواتەوە، تا پێرێ شەو ئەو پیاوە ئەفسوناویەم لە سوچێکی هوتێلی هەورەمان بینی. بەتەنیا دانیشتبوو، بێ ئەوەی کەس بزانێ کە ئەو پیاوە دلشاد محەمەد سەعیدە.. ئەو دلشادەی کە خوا بەدیاری پێشکەش بە کوردی کردووە، کە لە تەکیا دانیشتم بە زەردەخەنە فریشتەییەکانی بە وشە نەرم و نیانەکانی، ئەوەندەی تر لەبەرچاوم گەورەتربوو، ئەوکات زانیم کە بنیادەم چەند گەورەبێت، ئەوەندە ساکارتر و رووگەشتر دەبێت...**

**ئا: حەیدەر**



*** ئەو ماوەیە لە ئەوروپا بەچییەوە خەریک بوون؟**

ـ من نزیکەی چواردەساڵە لەوێم، چەندین کۆنسێرتم لە هەموو ئەوروپا بەکەمان و پیانوو یان ئۆرکسترا ئەنجام داوە، هەستم بەوە کردووە کە ئەوروپییەکان زۆر ئارەزووی مۆسیقای ئێمە دەکەن، لەو ماوەیەشدا خەریکی خۆئامادەکردنم بۆ ئەوەی کۆنسێرتێک لە (ئۆپێک) لە ڤییەننا پێشکەش بکەم.

*** لەسەردانی ئەمجارەتاندا بۆ کوردستان چیتان پێیە؟**

ـ پرۆژەیەکی هونەری گەورەم بەدەستەوەیە، من بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کراوم.

*** ئەو پرۆژەیە بۆنی ئەوەی لێ دێ کە ببێتە مایەی ئەوەی بەیەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

ـ بەڵێ بۆنی ئەوەی لێ دێ.. بەڵام جارێ دەربارەی پرۆژەکە هیچ قسەیەک ناکەم.

*** ئەمجارە کوردستانت چۆن بینی؟**

ـ جار لە جار جوانتری دەبینم بەتایبەت فرۆکەخانە و ئۆڤەرپاس و پارکە جوانەکەی.

*** لەسەردانی ئەمجارەتا چی بێزاری کردی؟**

ـ ئۆتۆمبێلی زۆر.. چونکە شاری هەولێر بەرگەی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە ناگرێ.

*** چ پێشنیارێکت هەیە بۆ هەولێر؟**

ـ با سەوزایی زێدە بکرێت، گرنگی بە پارک و دارستان و باخچە بدرێت، منداڵەکانمان لەسەر گرنگی دان بە سەوزایی خاک رابێن.

**خاڵی نییە رەشماری دوو**
**حەڵقەی شەڕییان بەستووە ه**
**عاشق دڵی نایێ لە دڵارامی**
**ئەڵبەت کە دڵارامی لەوێ**
**بنواڕە خۆشیی رەقصی لەگەڵ خ**
**مومکین نییە بەم پاکییە، لەم ئەر**
**مومکین نییە جەلبی دڵی خ**
**نەمبیستووە تەسخیری مەلا**